





# ڕکابەرێکی نوێ
# بۆ کاتژمێرە ژیرۆکەکەی سامسۆنگ

لە جیهانی تەکنەلۆژیای دیجیتالیدا ڕکابەری و ململانێیەکی زۆر هەیە، ئەمساڵ ساڵی ڕکابەری لە نێوان کاتژمێرە هۆشمەندەکاندایە. کۆمپانیاکان هەرکامیان لەلای خۆیەوە هەوڵ دەدەن بەرهەمێکی نوێتر و جیاوازتر لە ڕکابەرەکەیان بخەنە بازاڕەوە. یەکێك لە کۆمپانیا نوێیەکانی ئەم بوارە، کۆمپانیای Fitbitە کە کاتژمێرێکی هۆشمەندی بەناوی Force بەرهەم هێناوە. ئەم کاتژمێرە لە ڕاستیدا ڕکابەرێکی جددییە بۆ کاتژمێری galaxy Gearی سامسۆنگ، ئەم کاتژمێرە بۆ ئەو کەسەی نیازی هەیە کێشی جەستەی دابەزێنێت و یان وەرزش بکات زۆر گونجاوە، چونکە کاتژمێرەکە لەگەڵ مۆبایلە هۆشمەندەکان پەیوەند دەدرێ و پرۆگرامی پێوەری بەرزایی و پێوەری دابەزاندنی کالۆریی لەگەڵدایە. کاتژمێرە هۆشمەندەکە بەردەوام ئاگاداری تەندروستیی خاوەنەکەیەتی و پێی دەڵێت چ بکات بۆ ئەوەی کە کێشی دابەزێنێت، هەروەها لەسەر شاشەی مۆبایلەکە نیشاندەدات کە لە ماوەی ڕۆژێکدا توانیویەتی بە چەند قادرمەدا سەربکەوێت، کاتژمێرەکە بە ئاو تێکناچێت جگە لەوەش کامێرایەی وێنەگرتنیشی هەیە.




# ئەو وێنانەی بە مۆبایل
# دەیانگری کوالیتیان بەرز بکەوە

مۆبایلە هۆشمەندەکان زۆربەیان کامێرای باشیان هەیە و کوالیتی وێنەکانیان گونجاوە، بەڵام هەندێکیان ئەو کوالیتیەیان نییە، یان هەندێکیان لە ڕووناکیدا کوالیتی وێنەکانیان جوانە، بەڵام ئەو شوێنەی ڕووناکی لێ نییە کوالیتی وێنەکانی تێکدەچێت. گەر دەزانی کوالیتی وێنەکانی سەر مۆبایلەکەت باش نییە ئەوە پرۆگرامی Powercam دابەزێنە سەر مۆبایلەکەت. ئەم پرۆگرامە یەکێکە لە باشترین پرۆگرامەکانی فیلم و وێنە هەڵگرتنەوە بە مۆبایل. وەك باشترین پرۆگرامی وێنەگرتن لە وڵاتی چین ناسراوە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن: وێنە هەڵگرتنەوە بە کوالیتی فول ئیچ دی و دانانی ئێفکێت لەسەر وێنە. توانای هاوبەشکردنی وێنە و فیلمەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و 8 حاڵەتی جۆراوجۆر بۆ وێنەگرتن.



# ئۆلترابوکیش بوو بە گەیمەر



لــە جیهانی دیجیتالی نوێدا وشــە و دەســتەواژەی نوێش ســەرهەڵدەدەن وەك وشــەی تەبلێت، ئۆلترابووك، فەبلێت..تاد. ئۆلترابووك چ ئامێرێکە؟ ئۆلترابووك تەواو دیزاین و ســتایل و کارکردی لاپتۆپی هەیە، واتــە لاپتۆپێکە بە تەواو مانا، تەنیا جیاوازی ئۆلترابووك لەگەڵ لاپتۆپ لەوەدایە کە دەبێت کێشی ئۆلترابووك ســووك بێت، ئەویش بە دانانەی DVD drive واتە شــوێنی دی ڤی دی لە ئۆلترابووکدا، هەروەها دەبێت زۆریش تەنــك بێت. ئەگەر ئەو دوو تایبەتمەندییــەی نەبن ئەوە دەبێتە لاپتۆپ.

نوێتریــن مۆدێلی ئۆلترابووك کە بە Blade pro ناســراوە، لەریــزی ئۆلترابووکــە گرانبایيەکانە و لەلایــەن کۆمپانیای RAZAERەوە بەرهەمهاتــووە. ئەم ئۆلترابووکە تەواو بۆ یارییە ئەلکترۆنییە ئاست بەرزەکان چێکراوە، چونکە پرۆسیسەری چوار ناوەکی لەگەڵدایە، رامەکــەی 8 گیگابایتە. هاردەکەی 256 گیگابایتە. کارتی گرافیکەکەی 2 گیگابایتە. شاشەکەشــی 17.3 ئینجە و سەرووی فول ئیچ دییە. وێب کەم و سێ شوێنی دانانی USB.3 و شــوێنی دانانی HDMI هەیە. سیستەمی ویندۆز 8ی لەسەرە، بەڵام نرخەکەی زۆر گرانە و سەرووی سێ هەزار دۆلارە.

# نۆکیاش فەبلێتی بەرهەم هێنا

رەنگە پرســیارێك بێتە پێش کە فەبلێت چییە (phablete)، لەسەرەتادا روونکردنەوەیەك بۆ ئەمە دەڵێین لە کوردەواریدا لە یەکێکیان پرسی مێوژ دەخۆی یان خورما، گوتی (خورمیش) گوتیان (خورمیش) چییە گوتی یانی هەردووکیان! فەبلێتیش هەمان خورمیشــەکەی لای خۆمانە کە یانی PHONE واتە تەلەفۆن tablet واتە تەبلێت. واتە لەکۆکردنەوە و لێکدانەوەی دوو وشەی فۆنی و تەبلێت فەبلێت پێکهاتووە، فەبلێت ئەرکەکەشی هەروایە واتە هەم ئەرکی مۆبایل ئەنجام دەدات و هەم ئەرکی تەبلێت.

کۆمپانیای نۆکیا کە لە ئاســت بەرهەمهێنانی مۆبایلی هۆشــمەندا لە رکابەرەکانی خۆی دواکەوت و هەربۆیەش پشــکێکی زۆری کۆمپانیاکەی فرۆشــت، ئێستا دەیەوێت بە بەرهەمهێنانی مۆبایلی لۆمیا و فەبلێــت خۆی لەم مەیدانەدا تاقی بکاتەوە. فەبلێتی جۆری لۆمیــا 1520 نوێترین و یەکەمین فەبلێتی نۆکیایە. کە شاشــەکەی 6 ئینجە و ویندۆز8ی کۆمپانیای مایکرۆســۆفتی لەســەرە و فوول ئیچ دییە، پرۆسیســەرەکەی 4 ناوەکییە. کامێرای فەبلێتەکە 20 میگاپیکسلە و فلاشێکی بەهێزیشی لەسەرە. لۆمیا 1520 چــوار مایکرۆفۆنی هەیە و کە بەهۆیەوە دەتوانیت بەباشــترین کوالیتــی دەنگ تۆمار بکەی و لەبواری دیزاینەوە چوار رەنگی هەیە، ســوور، زەرد، ســپی و رەساسی. میمۆری ناوخۆی فەبلێتەکە 32 گیگابایتە.




# مۆبایل و بۆنخۆشکردنی هەوا (معطر جو)

مۆبایلی شوێنی لاپتۆپ، کامێرا، ریکۆردەر، ئامێری وەرزشی...تاد..ی گرتۆتەوە، لەم دواییەشدا ئەرکی دیکەشی بۆ زیاد بوون، یەکێك لەم ئەرکانە ئەوەیە کە هەوای دەوروبەری بەکارهێنەرەکــەی بۆنخۆش بکات. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە وازبێنی لەم ســپرایانەی کە هەوای دەوروبەر خۆش دەکەن، چونکە مۆبایلەکە ئەم کارە ئەنجام دەدات.

کۆمپانیایەکــی ژاپۆنی پارچەیەکی ئەلکترۆنی بۆ مۆبایلــەکان بەرهەمهێناوە کە ئەوکاتــەی کورتەپەیامت بۆ دێت، جۆرە بۆنێك و ئەوکاتەی کە پەیوەندییەکت بۆ دێت جۆرە بۆنێکی دیکە بڵاو بکاتەوە. یان بەیانیان لەبری لێدانی جەرەس بە جۆرە بۆنێکی خۆش هەڵتســتێنێ! بۆنەکانیش بەپێی ویستی بەکارهێنەرەکەیەتی وەك بۆنی سێو و پرتەقاڵ و گندۆرە و لیمۆ و گوڵ بە هەموو جۆرەکانییەوە...

پارچە ئەلکترۆنییەکە کە بە (scentee) ناسراوە لەگەڵ دەستگاکانی سیستەمی ئەندرۆید کار و ئایفۆن کار دەکات.

## مێزی دیجیتالی لەسـ

داهاتوو هەر لە ئێستاوە روون و ئاشکرایە، لە ماوەی چەند ساڵێکی دیکەدا دەبیندرێت کە گشت کەلوپەلەکانی ژیانمان بوونەتە دیجیتالی، بۆ نموونە ئەو پیاڵەی کە چای تێدەکرێ شاشـەی لەسـەر دەبێت و دەزاندرێت گەرمە یان سـاردە، چایەکە کۆنە یان نوێیە... یان رەنگە گڵاسە ئاوێك وەك سەلاجەیەکی بچووك ئاوەکەت بۆ سارد بکات. مێزی دیجیتالیش نموونەیەکە لەوانە، مێزی دیجیتالی لە مێزی نووسین یان مێزی قەنەفە دەچێت، ئیدی پێویسـت ناکات کاتێك بتەوێ وێنەیەك لە مۆبایلەکەتەوە نیشـان بدەی، دەست بەدەست مۆبایلەکەت بگێڕی، بەڵکو لەشاشەی مێزەکەوە ئەو وێنەیە یان ڤیدیۆیەی مەبەستتە نیشانی دەدەی. تەنانەت دەکرێت مێزەکە بە هۆی ئەو پرۆگرامە لە کۆمپیوتەر یان لە مۆبایلەکاندایە وەك ئامێری مۆسیقا واتە وەك پیانۆی لێبکەی و مۆسـیقای لەسەر لێبدەی. مێزەکە بەهۆی بلوتوس یان وای فایەوە بە مۆبایل و لاپتۆپەوە پەیوەند دەدرێت.




ئافرەتان و بەگشـتی لە چوونە دەرەوەدا وەك دەڵێن بە پێخاوسی بچنە دەر بێ جانتا ناچنە دەر، جانتاکەیان هەم کەلوپەلەکانی ئارایشکردنیان بۆ هەڵدەگرێ! و هەم شتە گرانبابییەکانیان وەك ئاڵتون و پارە و مۆبایل. بە تانەو تەشەر ناڵێم، بەڵام هەر چوونە بازاڕێکیشیان لانی کەم سـێ چوار کاتژمێر دەخایەنێ، بۆیە کۆمپانیایەك بیری لەوەکردۆتەوە شەحنی مۆبایلەکەیان هەر جانتاکەی دەستیان بێت.

جۆرێك لە جانتا بەرهەم هاتووە کە بەبێ هیچ وایەرێك هەرکە مۆبایلەکەت لەناو دانا دەست دەکات بە شـەحنکردنەوەی مۆبایل. جانتای جۆری EverPurse ئەو جانتایە کە لە جانتای سـیحری دەچێت بۆ خانمان، بەڵام لەسەرەتادا دەبێت جانتاکەت شەحنکردبێتەوە، لە ئێستاکەدا تەنیا مۆبایلەکانی جۆری ئایفۆن و گەلاکسی شەحن دەکاتەوە. بەرهەمهێنەرانی ئەم جانتایە دەڵێن بە تەماین جانتایەکی لەم شـێوەیەش بۆ پیاوان دروست بکەین. هەتا ئەوکاتە با پیاوان دان بەخۆیاندا بگرن!

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسـێت ئایا ئەگەر بەبێ ئەوەی کە فلاش میمۆری یان هارددیسـك Eject بکەین واتە بەبێ دەرچوون لەوانە بە داگرتنی لەسەر درایڤی فلاش میمۆری یان هاردیسك و پاشان داگرتنی فەرمانی Eject هەر راست فلاش میمۆرییەکە دەربێنین کە من هەمیشە وا دەکەم چ گرفتێك بۆ هارددیسك یان فلاش میمۆرییەکەم دێتە پێش؟.

خوێنەری بەڕێز، لەراستیدا بۆ فلاش میمۆری یان هارددیسك گرفتێکی ئەوتۆ نایەتە پێش کە زۆرکەس وای بۆ دەچن کە فلاش میمۆری یان هارددیسك تێك دەدات، نا وانییە بەڵام گرفتە سـەرەکییەکە بۆ کۆمپیوتەرەکەیە. بەتایبەتی ئەوکاتەی کە خەریکی فایلێکی قورس دەخەیە سـەر فلاش یان هاردیسـك یان پێچەوانە لەوانەرا دایدەبەزێنی، چونکە لەسـەرەتادا کۆمپیوتەر فایلەکە لە میمۆری ناوخۆیدا خەزنی کاتی دەکات، بەڵام کە تۆ فلاش میمۆرییەکە یان هارددیسکەکە دەرهێنا، سەر لە سیستەمی ویندۆز دەشێوێت و نازانێ چ بکات؟ بۆیە پێویستی بە سەرلەنوێ کوژاندنەوەی کۆمپیوتەر دەبێت. ئەگەر بەخێرایی 100 کم بە ئۆتۆمبێل بڕۆی، لە یەکاتدا ستاپ بکەی ئەوە کێشە بۆ ئۆتۆمبێلەکە دێتە پێش و ئەگینا جادە ئەو کێشەیەی بۆ نایەتە پێش.

## ـــــەردەمی دیجیتالیدا



## مۆبایلە چەماوەکەی ئێل جی و سەرنجێک

لە ئاکامدا LG بەڵێنەکەی خۆی هێنایە دی و مۆبایلی شاشە چەماوەی بەرهەم هێنا، ئەم داهێنانـــەش دەبێتە خاڵێکی گرنگ لە تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێدا، بەتایبەتی لە مۆبایلدا. مۆبایلی G Flex مۆبایلێکی هۆشـــمەندە و یەکەمین مۆبایلی شاشـــە چەماوەشـــە. بەهۆی چەمـــاوە بوونی هاندەکە مەودای نێـــوان دەم و گوێی بەکارهێنەرەکەی لەکاتی قســـەکردندا کەم دەکاتەوە. هەروەها ڕێژەی دەنگ ســـێ قات زیاتر دەبێت و لەکاتی ســـەیرکردنی فیلم یان وێنەیەکدا کوالیتییەکەی بەرزتر نیشان دەدات. باتری هاندەکەش باترییەکی چەماوەیە.





## سایتی تۆڕی کۆمەڵایەتیی سێ ڕەهەندی

قـــەت بیرتـــان لەوەکردۆتـــەوە کە ئەم جیهانەی تێیدا دەژین ســـێ ڕەهەندییـــە؟ ئەی کەوایە بۆ گشـــت وێنەکانمان کە لە ژیـــان گرتوومانـــن دوو ڕەهەندین؟ گەر حەز دەکەن لەمەولا وێنەکانتان بە ســـێ ڕەهەندی ببینن و هەر بە ســـێ ڕەهەندیش بیخەنە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوە ســـەر لە ســـایتی seene-co بدەن. ئەم ســـایتە تایبەتە بە تۆڕی کۆمەڵایەتیی مۆبایلە سمارت و هۆشـــمەندەکان. بەدوای پەرەســـەندنی مۆبایلی ژیرۆك خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بەوانیش لە پەرەســـەندندایە. لەو ســـایتەدا پرۆگرامێکـــی بچـــووك هەیە دایدەبەزێنیە ســـەر مۆبایلەکەت و دواتر ئەو وێنەیەی دەیگری بە ســـێ ڕەهەندی دەیگری و دەکرێت لە ســـایتەکەدا دایبنێی و هەروەها دەکرێت وێنەی ئەندامانی بەشـــداربووی ئەم سایتە سەیر بکەی و کۆمێنتیان لەسەر بنووسی. http:// seene.co/ ئەدرەسی سایتەکەیە.